کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
3-6-2007 18:34 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## لەساڵیادی یەکەمین دانیشتنی یەکەم ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستاندا ... حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ

husin966@yahoo. com



ڕۆژی 4/ 6 /2007 (15) ساڵ بەسەر دامەزراندن و یەکەمین دانیشتنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستاندا رادەبوری، تێپەڕ بوونی ئەو ساڵانەی تەمەنی ئەم پەرلەمان وحکومەتە و بەرگەگرتن و ئامباز بوونەوەی لەگەڵ هەموو قەیران و ئاستەنگ و پێشهات و پەرەسەندنەکاندا بۆخۆی مەغزا و رەهەند و مانا و مەدلولێکی هەیە کە ئەم پەرلەمانە لەگەڵ حکومەتەکەیدا رسکا و قاڵبو و خاراوی گشت هەلومەرجە دژوارو سەختەکانە و پێشمەرگە ئاسا بە وورە و ئیرادەیەکی پۆڵاینەوە کەوتووەتە ململانی و زۆرانبازی لەگەڵ ئەو نەهامەتی و ویشومانەی کە دەرگای ماڵی پێگرتووە و هەڕەشە لە بوون و مانی دەکەن، ئەگەر تەماشای مێژووی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد بکەین دەبینین دوای روخانی کۆماری کوردستان لە (مەهاباد) ئەمە یەکەمین هەوڵ و تەقەلایە لە سەر شارێی کاروانی ئەو جوڵانەوەیە بۆ فێنك کردنەوەی دەرونی کەسوکاری شەهیدان و بەدیهێنانی ئاوات و خواستەکانی نەتەوەی کورد بە ئاواتی شەهیدەکانەوە، بڕیاری حەکیمانە و جەسورانە بۆ هەڵبژاردن و پێکهێنانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان و پاشتر دروست بوونی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە باردۆخێکی یەکجار هەستەوەر و ناسك و پڕ لە مەترسیدا بوو مەگەر تەنها گەلی کورد توانا و دەرقەی بڕیارێکی لە جۆر و چەشنانە بێت کە چاودێرانی سیاسی وای بۆ دەچوون ئەو پەرلەمان و حکومەتە تەمەن کورت بن و هەر بە کۆرپەلەی لەناو بچن و نەتوانن جەڵەوکێشی دۆخە شلۆق و شپرێوەکە بکەن و درێژە بەرەوتی کاروانەکە بدەن چونکە رژێمی ناوەندی ئێراق بەهەموو ئیمکانیات و توانایەکیەوە بەتەواوی بەگژ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان دەچووەوە کە هاتبووە سەر کەلاوەیەکی وێران کەم دەرامەت و داوەشاوە بەهەموو شێوازێك و لەهەموو سوسە و رێگایەکەوە بەربەرەکانی دەکرد بۆ خاپور ونغرۆ بوون یان نوچ پێدان و هەڵتەکانەوەی، سەرباری ئەو ئابلۆقە ئابوریەی کە لەلایەن کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیەوە کەوتبووە سەر ئێراق رژێم ئابلۆقەیەکی دیکەی لەلایەن خۆیەوە خستبووە سەر ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستان تاکو خەڵکی کوردستان بە پەرلەمان وحکومەتەکەیەوە بتاسێنی و خوێن بە شادەمارەکانیاندا نەگەڕێت و هاوزەمان ئیدارەی خۆی بە هەموو کەرەستە و ئامرازیەکانی بەرێوەبردن و خزمەتگوزاریەوە لەو ناوچانەی کە لەژێر هەیمەنە و رکێفی بەرەی کوردستانیدا بوو کشاندیەوە و بەردەوام هەوڵی راگرتن و پەکخستن و لەکارخستنی پرۆسەی گەشەکردن و بەرەو پێشچوونی ژیان و تەڵخ کردنی ئاسۆی بەدیهێنانی ئامانجەکانی خەڵکی کوردستانی لەم هەرێمە دەدا و بەتەواوی دژایەتی بنەما سەرخانی و ژێرخانیەکانی کۆمەڵگای کوردی دەکرد، سەرەڕای ئەو دۆخە ناهەموارە کە وەکو دیفاکتۆیەك بەرۆکی بەو ئەزموونە تازە فرچك گرتووە گرتبوو ولاتانی دەروبەر بە دروستبوونی پەرلەمانی کوردستان و حکومەتەکەی ئەوندەی تر تەنگەنەفس و پشوو سوار بوون و پیلانیان دەگێڕا و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەرنامە ڕێژیان دەکرد بۆ لەبار بردن و لەناوچوونی ئەو دەستکەوتانەی کە بەخوێنی هەزاران شەهید و ماندوو بوونی نەتەوەیەك دەستەبەر ببوو.

لەو ئان و ساتە چارەنوسسازانەدا کە سەرکردایەتی سیاسی کورد بە پاڵپشتی خەڵکی کوردستان بڕیاری هەڵبژاردن و چێکردنی ئەنجومەنی نیشتمانی و حکومەتی هەرێمی کوردستانیان دا ئەوانەی کە لاگیری و پشتیوانیان لە میللەتی کورد و دۆزە ڕەواکەی دەکرد چ وەکو کەسایەتیە جیهانیەکان و چ وەکو دەوڵەت و ڕێکخراو و کۆمەڵە ژمارەیان لە ژمارەکانی پەنجەکانی دەست تێنەدەپڕین و هاوکات بەشێوەیەکی مرۆڤدۆستانە نەك لە ڕووی رامیاریەوە تەماشای پرس و دۆزی کوردیان دەکرد، بەڵام درێژ بوونەوەی تەمەنی پەرلەمان بۆ خولەکانی دوای خۆی و حکومەتەکەی بۆ کابینەی پێنجەم ئەو ڕاستیەیان ئاشکرا کرد بۆ دۆست و دوژمنان کە کورد نەتەوەیەکە ئامادەی هەموو قوربانیدانێکە لە پێناو بە دەستهێنان و زامنکردنی مافە مرۆی و نەتەوایەتیەکانیدا هەموو قوربانیەك پێشکەش بکەن، هاوتەریب باوەڕێکی پتەوەی لە ئاست ناوخۆ و دەرەوەدا فەراهەم کرد کە باوەڕ بەخۆ بوون دەبێتە هۆی ئەوەی دوست و دوژمن حیسابت بۆ بکات و بەسەر تەنگ و چەڵەمەکاندا زاڵ بێت.

ئەمڕۆ دەبینین وێڕای بوونی کەم و کوڕی و گلەی و گازندەی هاووڵاتیان لە هەندێك لەهەنگاوەکانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم سەبارەت بە کەمی خزمەتگوزاریان لە هەندێك ڕووەوە، وەلی هەموو وڵاتانی دونیا بە یار و نەیارەوە حیساب بۆ ئەو دەزگا و دامەزراوە گرنگە وحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن و هەوڵ دەدەن دۆستایەتیمان بکەن و پەیوەندی سیاسی و ئابوری دیبلۆماسی لەگەڵ حکومەتدا ببەستن و شاند و دیبلۆمات و پەرلەمانتار و... هتد وڵاتەکانیان ڕەوانەی کوردستان دەکەن بەمەرامی تۆکمە کردنی پەیوەندی و پاڵپشتی و هاوسۆزیان لەگەڵ نەتەوەی کورد و حکومەتەکەیدا، تەمەن درێژ بێت ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان وحکومەتی هەرێمی کوردستان و خەڵکی چاوەڕوانی هەنگاوی مەزنتریان لێدەکات لە هەموو بوارە ناوخۆی و دەرکییەکاندا لە پێناو بە مەنزڵ گەیاندنی خواست و داواکاریەکانی تاك و کۆی کۆمەڵگای کوردی و فەراهەمکردنی ژیانیکی ئاسودە و پڕ لە خۆشگوزەرانی و هەنگاونان بەرەو دروستبوونی قەوارەیەکی سەربەخۆ بۆ نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.